# زیادکردنی نوێنەرایەتی ژنان لەعێراق
## چ ستراتیژی یەك زۆر بەسوودە؟

پیپا نۆریس – زانکۆی هارڤارد
وەرگێڕانی: مەریوان ڕۆژهەڵاتی

بەشی دووەم

### ترافیکلایتی ڕەگەزیی یاسایی بۆ پارت و یەکە گشتی یەکان

ترافیکلایتی ڕەگەزیی یاسایی ئەوە دیاری دەکات کە ژنان پێویستە کەمترین ڕێژەی گونجاو پێك بهێنن لە کاندیدەکانی پەرلەمان یان لە نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی نێو هەر پارت یان گروپێك. ئەم ترافیکلایتانە ئەکرێت لەلایەن یاساوە یان لەلایەن دەستووری نەتەوەیی یەوە دەربکرێن. ئەم ترافیکلایتانە بەکارهاتووە بۆ کاندیدە یاسادانەرەکان و بۆ یەکە گشتی یەکان وەك لیژنەکانی حکومەت. ترافیکلایتی ڕەگەزیی یاسایی کە لەلایەن یاسا یان دەستوورەوە دەسەپێنرێت، هەموو پارت و گروپەکانی ئەو وڵاتە دەگرێتەوە. یاساکانی ترافیکلایتی ڕەگەزیی یاسایی لە هەڵبژاردنەکاندا پیادە کراوە لە بەلجیکا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و لە زۆر لە نەتەوەکانی ئەمریکای لاتینی دا، بەهەمان شێوەش بۆ دەستنیشانکردن بۆ یەکە گشتی و کۆمیتە ڕاوێژکاری یەکان لە فنلەندا و نەرویج (بڕوانە خشتەی 3)

بەگەڕخستنی کاریگەرانەی ترفیکلایتی ڕەگەزیی یاسایی پەیوەستە بە گەلێك هۆکاری وردتر، لەوانە:

•چۆن میکانیزمە یاسایی یەکان ئەخرێنە بواری پیادەکردنەوە.
•ئاستی ترافیکلایتی ڕەگەزی کە لەلایەن یاساکەوە دیاری کراوە.
•ئایا یاساکانی لیستی پارتەکان ڕیزی پلەبەندیی کاندیدە ژن و پیاوەکان ڕێك دەخەن یان نا.
•ئایا لیستی پارتەکان کراوەن یان داخراون.
•دانانی سزا بۆ هەر جۆرە کەموکورتی یەك لە جێبەجێکردنی یاسادا.

ئەم سیاسەتانە بە گشتی کەمتر کاریگەر دەبن کاتێك: یاساکان زیاتر وەك ڕازاندنەوەی دوکان ڕەمزیانە نەخشەدەکێشرێن وەك لە پیادەکردنی پراکتیکی، پیادەکردنەکان ئەوە دەستنیشان دەکەن کە دەبێت ڕێژەیەکی دیاریکراوی ژنان بۆ لیستی پارتەکان هەڵبژێردرێن، بەڵام سەرکەوتوو نابن لە ڕێکخستنی ڕیزی پلەبەندییان بۆیە کاندیدە مێ یەکان لە خوارەوە لیست کراون: یان ئەگەر گرتنەبەری ڕێوشوێن لە کاتی بێفەرمانی دا لاواز بن یان نەبن. لێکۆڵینەوە حاڵەتی یەکان لە پاشکۆی (ڕ)دا ئەم بەراوردانە ڕووندەکاتەوە لەبەنگلادش، پاکستان، مەراکش، ئەردەن، ئەندەنوسیا، بەلجیکا، فەرەنسا و ئەرجەنتین.

خشتەی 3: ترافیکلایتی ڕەگەزیی یاسایی بەکارهاتوو لە سەرانسەری جیهاندا

| وڵات | بەرواری یاسا | %ی ترافیکلایتی ڕەگەزی | یەکەی یاسادانان | سیستەمی هەڵبژاردن | لیستی کراوە یان داخراو | %ی (ئ.پ.)ی ئافرەت پێش یاساکە (1) | %ی (ئ.پ.)ی ئافرەت پاش یاساکە (2) | جیاوازی (2)-(1) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فەرەنسا | 1999 | 50 | هۆبەی خواروو | زۆرینە | _ | 11 | 12 | 1+ |
| کۆستا أیکا | 1997 | 40 | تاك یەکە* | ڕێژەیی | داخراو | 14 | 19 | 5+ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەلجیكا | 1994 | 33 | هـــۆبەي خواروو | ڕێژەیی | كراوە | 18 | 23 | 5+ |
| بۆســـــنە & هەرزەگۆڤینا | 2001 | 33 | هـــۆبەي خواروو | ڕێژەیی | كراوە | | 14.3 | |
| ئەرجەنتین | 1991 | 30 | هـــۆبەي خواروو | ڕێژەیی | داخراو | 6 | 27 | 21+ |
| پێرو | 1997 | 30 | تاك یەكە | ڕێژەیی | كراوە | 11 | 18 | 7+ |
| ڤەنزوێلا | 1998 | 30 | هـــۆبەي خواروو | گرێدراو | داخراو | 6 | 13 | 7+ |
| پەنەما | 1997 | 30 | تاك یەكە | گرێدراو | داخراو | 8 | 10 | 2+ |
| ڤەنزوێلا | 1998 | 30 | سێنات* | گرێدراو | داخراو | 8 | 9 | 2+ |
| بۆلیڤیا | 1997 | 30 | هـــۆبەي خواروو | گرێدراو | داخراو | 11 | 12 | 1+ |
| مەكسیك | 1996 | 30 | سێنات | گرێدراو | داخراو | 15 | 16 | 1+ |
| بۆلیڤیا | 1997 | 30 | سێنات | گرێدراو | داخراو | 4 | 4 | 0 |
| بەرازیل | 1997 | 30 | هـــۆبەي خواروو | ڕێژەیی | كراوە | 7 | 6 | 1- |
| مەكسیك | 1996 | 30 | هـــۆبەي خواروو | گرێدراو | داخراو | 17 | 16 | 1- |
| ئەندەنووسیا | 2003 | 30 | هـــۆبەي خواروو | ڕێژەیی | كراوە | 9 | _ | _ |
| مەقەدۆنیا | 2001 | 30 | هـــۆبەي خواروو | گرێدراو | داخراو | | 17.5 | |
| سابیا | 2002 | 30 | هـــۆبەي خواروو | ڕێژەیی | كراوە | 7.5 | _ | _ |
| كۆمـــــاري دۆمینیك | 1997 | 25 | هـــۆبەي خواروو | ڕێژەیی | داخراو | 12 | 16 | 4+ |
| ئیكوادۆر | 1997 | 20 | تاك یەكە | گرێدراو | كراوە | 4 | 15 | 11+ |
| پاراگواي | 1996 | 20 | سێنات | ڕێژەیی | داخراو | 11 | 18 | 7+ |
| پاراگواي | 1996 | 20 | هـــۆبەي خواروو | ڕێژەیی | داخراو | 3 | 3 | 0 |
| كۆریـــــاي باكوور | _ | 20 | هـــۆبەي خواروو | زۆرینە | _ | | 20.1 | |
| فلیپین | 1995 | 20 | هـــۆبەي خواروو | گرێدراو | داخراو | | 17.8 | |
| ئەرمەنیا | 1999 | 5 | هـــۆبەي خواروو | گرێدراو | داخراو | | 3.1 | |
| نیپاڵ | 1990 | 5 | هـــۆبەي خواروو | زۆرینە | _ | | 5.9 | |
| تێكرا | | 30 | | | | 10 | 14 | 4+ |

## ترافیكلایتی ڕەگەزیی سەپێنراو لە لیستی پارتەكاندا

*تاك یەكە: پەرلەمانێك كە یەك یەكەی بەرێوەبردنی هەبێت (وەرگێر)
* سینات: یەكێك لەو دوو گروپی سیاسەتمەدارە هەڵبژێردراوانە كە یاسا دادەنێن لە هەندێك وڵاتدا وەك ویلایەتە یەكگرتووەكان.

*

به بەراورد، ترافیکلایــتی ڕەگەزیــی ســەپێنراو لەلایەن ڕێکخســتنی نــاوخۆیی و کتێــبی یاسایی*ناو هەر پارتێك دەخرێتە گەڕ. بنكەزانیـاریی جیهـانیی (IDEA)ی نێودەوڵەتی لە ترافیکلایتی ڕەگەزیدا بۆ ژنان ئەوە مەزندە دەکات کە 181 پارت لە 58 وڵاتدا ترافیکلایـتی ڕەگەزی بەکاردێنن بۆ کاندیدی خۆپاڵاوتوو بۆ پەرلەمـانە نەتەوەیـی یەکـان. ئەم پیـادەکردنە بـاوە لە ئیسکەندەناڤیا، ئەوروپـای ڕۆژئاوا و ئەمریکـای لاتیـن. (بـڕوانە خشـتەی 4). ئەم سیاسەتانەش بە هەمان شێوە کاریگەرن: بۆ نموونە، لە ئەوروپا بە تێکڕا، نزیکی سێ یەکـی (لەســەدا 33)ی نـوێنەرە هەڵبژێردراوەکـان لە پەرلەمــانە نەتەوەیــی یەکانـدا ئافرەتـن لەو پارتانەی کە ترافیکلایتی ڕەگەزیی سەپێنراو بەکـار دەهێنـن. بە بەراورد بە لەســەدا 18 لەو پارتانەدا کە ئەم سیاسەتە پەیڕەو ناکەن. پاشکۆی (ب) نموونەی بەکارهێنانیـان دەخـاتە ڕوو لە ئیسکەندەناڤیا و ئەڵمانیا و بەریتانیـا و لە وڵاتە تـازە گەشەســەندووەکاندا. بەهەرحـاڵ، ئەم سیاســەتە کـاریگەرترینە لەژێـر دوو ڕەوشـدا: 1)لە شـوێنێك کە ڕێکخـراوی پـارتی بـاش-دامەزراوی لێــبێت و، 2) لە شــوێنێك کە کاندیـدەکان بــۆ دەزگاکــان لە ڕێــی ڕێوڕەســمی دادگەرانە و دیموکراتی و ڕوونەوە دەستنیشان دەکرێن بە پێی دەستوور و یاســای نــاوخۆیی پارتەکان.

ســەبارەت بە عێـراق، بەگەڕخســتنی ئەم سیاســەتە کــارێکی گــرانە بە بــێ دابینکردنــی ئەم مەرجانەی سەرەوە.

خشتەی 4: ترافیکلایتی ڕەگەزیی سەپێنراو لە یاسـای پارتەکانـدا، بەکـارهێنراوە لە یەکێـتیی ئەوروپا-15 1996-2000

| پارت | وڵات | ســـــــاڵي هەڵبژاردن | ژمـــــــــارەي ســــەرجەمي (ئە.پ.)ي پارت | %ي ژنان | ترافیکلایــــتي ڕەگەزي |
|---|---|---|---|---|---|
| VIHR | فنلەندا | 1999 | 11 | 81.8 | ✓ |
| PDS | ئەڵمانیا | 1998 | 36 | 58.3 | ✓ |
| B90/Grüne | ئەڵمانیا | 1998 | 47 | 57.4 | ✓ |
| Centerpartiet | سوید | 1998 | 18 | 55.6 | ✗ |
| GroenLinks | هۆڵەندا | 1998 | 11 | 54.5 | ✓ |
| Miljöpartiet de Grona | سوید | 1998 | 16 | 50 | ✓ |
| سۆشـــــــیال دیموکراتەکان | سوید | 1998 | 131 | 49.6 | ✓ |
| PvdA | هۆڵەندا | 1998 | 45 | 48.9 | ✓ |
| Ecolo | بەلجیکا | 1999 | 11 | 45.5 | ✓ |
| SDP | فنلەندا | 1999 | 51 | 43.1 | ✓ |
| D'66 | هۆڵەندا | 1998 | 14 | 42.9 | ✗ |
| Vänsterpartiet | سوید | 1998 | 43 | 41.9 | ✓ |
| مەســــــــیحیە دیموکراتەکان | سوید | 1998 | 42 | 40.5 | ✓ |
| SKL | فنلەندا | 1999 | 10 | 40 | ✓ |
| Socialstick Folkeparti | دانیمارك | 1998 | 13 | 38.5 | ✗ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ✘ | 38.1 | 42 | 1998 | دانيمارك | Venstre Liberale Parti |
| ✔ | 37 | 46 | 1999 | فنلەندا | KOK |
| ✘ | 36.5 | 63 | 1998 | دانيمارك | سۆشيال ديموكراتەكان |
| ✔ | 35.5 | 65 | 1999 | نەمسا | SPÖ |
| ✔ | 35.3 | 17 | 1998 | سويد | Folkpartiet Liberelna |
| ✔ | 35.2 | 298 | 1998 | ئەڵمانيا | سۆشيال ديموكراتەكان |
| ✔ | 33.3 | 21 | 1996 | ئيسپانيا | IU |
| ✘ | 31.3 | 16 | 1998 | دانيمارك | KF |
| ✔ | 31 | 29 | 1998 | هۆڵەندا | مەسيحيە ديموكراتەكان |
| ✘ | 30.8 | 13 | 1998 | دانيمارك | Dansk Folkeparti |
| ✘ | 30.5 | 82 | 1998 | سويد | Moderata Samlings |
| ✔ | 30 | 20 | 1999 | فنلەندا | VAS |
| ✘ | 29.4 | 17 | 1999 | پرتوگال | PCP |
| ✔ | 28.4 | 52 | 1999 | ئەوستريا | ÖVP |
| ✔ | 27.7 | 141 | 1996 | ئيسپانيا | PSOE |
| ✘ | 27.1 | 48 | 1999 | فنلەندا | KESK |
| ✔ | 25.6 | 39 | 1998 | هۆڵەندا | VVD |
| ✔ | 25 | 12 | 1999 | فنلەندا | SFP/RKP |
| ✔ | 25 | 32 | 1996 | ئيتاڵيا | Rifond. Communista |
| ? | 25 | 16 | 1996 | ئيسپانيا | C.I.U |
| **✔** | **24.2** | **418** | **1997** | **شانشينيە يەكگرتووەكان** | **كار** |
| ✔ | 23.1 | 13 | 1999 | لوكسەمبۆرگ | POSL/LSAP |
| ✘ | 22.2 | 18 | 1999 | بەلجيكا | PRL-FDF |
| ✘ | 20.9 | 43 | 1998 | ئەڵمانيا | FDP |
| ✔ | 20 | 115 | 1999 | پرتوگال | Party Socialist |
| ✘ | 20 | 15 | 1999 | لوكسەمبۆرگ | PD |
| ✔ | 19.5 | 200 | 1998 | ئەڵمانيا | CDU |
| ✘ | 19.2 | 156 | 1996 | ئيتاڵيا | PDS |
| ✔ | 18.2 | 22 | 1999 | بەلجيكا | CVP |
| ? | 18.2 | 11 | 2000 | ئيغريق | K.K.E |
| ✘ | 17.4 | 23 | 1999 | بەلجيكا | VLD |
| ✘ | 17.3 | 52 | 1999 | نەمسا | FPÖ |
| **✔** | **16.7** | **251** | **1997** | **فەرەنسا** | **پارتي سۆشيالست** |
| ✔ | 15.8 | 19 | 1999 | لوكسەمبۆرگ | PCS/CSV |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پارتي ناودار | ئیسپانیا | 1996 | 156 | 14.1 | ? |
| PSD | پرتوگال | 1999 | 81 | 13.6 | ✘ |
| CSU | ئەڵمانیا | 1998 | 45 | 13.3 | ✘ |
| كار | ئیرلەندا | 1997 | 17 | 11.8 | ✔ |
| **PCF** | **فەرەنسا** | **1997** | **36** | **11.1** | ✔ |
| Fianna Gael | ئیرلەندا | 1997 | 54 | 11.1 | ? |
| PASOK | ئیغریق | 2000 | 158 | 10.8 | ✔ |
| پارتي سۆشیالست | بەلجیكا | 1999 | 19 | 10.5 | ✘ |
| Fianna Fáil | ئیرلەندا | 1997 | 77 | 10.4 | ? |
| Lega Nord | ئیتاڵیا | 1996 | 59 | 10.2 | ✘ |
| PSC | بەلجیكا | 1999 | 10 | 10 | ✘ |
| (Verdi (Greens | ئیتاڵیا | 1996 | 21 | 9.5 | ✘ |
| Forza Italia | ئیتاڵیا | 1996 | 123 | 8.1 | ✘ |
| دیموكراتە نوێكان | ئیغریق | 2000 | 125 | 8 | ✔ |
| **پارێزكار** | **شانشـــــــینە یەكگرتووەكان** | **1997** | **165** | **7.9** | ✘ |
| P-S-P-U-P | ئیتاڵیا | 1996 | 67 | 7.5 | ✘ |
| CDS-PP | پرتوگال | 1999 | 15 | 6.7 | ? |
| Vlaams Blok | بەلجیكا | 1999 | 15 | 6.7 | ✘ |
| **لیبراڵ دیموكراتەكان** | **شانشـــــــینە یەكگرتووەكان** | **1997** | **45** | **6.5** | ✘ |
| **RCV** | **فەرەنسا** | **1997** | **33** | **6.1** | ? |
| **UDF** | **فەرەنسا** | **1997** | **113** | **5.3** | ✘ |
| Alleanza Nazionale | ئیتاڵیا | 1996 | 93 | 4.3 | ✘ |
| Lista Dini | ئیتاڵیا | 1996 | 25 | 4 | ✘ |
| **RPR** | **فەرەنسا** | **1997** | **140** | **3.6** | ✘ |
| CCD-CDU | ئیتاڵیا | 1996 | 30 | 3.3 | ✘ |
| **UUP** | **شانشـــــــینە یەكگرتووەكان** | **1997** | **10** | **0** | ✘ |
| SP | بەلجیكا | 1999 | 14 | 0 | |

تێبینی: ترافیكلایـتی ڕەگەزیـی سـەپێنراو وەك یاسـای نـاوخۆیی پـارت و ڕێكخسـتن یـان دەستوور پێناسە دەكرێت و ئەوە دیاری دەكـات كە پـارتە پێویستە كەمترین ڕێـژەی ژنـان دیـاری بكـات وەك كاندیـد بـۆ دەزگـا هەڵبژێردراوەكـان. خشـتەكە تەنهـا ئەو پارتـانە لەخۆدەگرێت كەپەیوەسـتن بە بـابەتەكەوە (واتە ئەو پارتـانەی كە بە لایەنـی كەمەوە دە كورسی یان هەیە لە هۆبەی خوارووی پەرلەمانی نەتەوەیی). زانیـاری یەكە، كە لە ئەسڵدا لە بنكەزانیاریی ئەنجوومەنی ئەورووپی وەرگیراوە، هەندێك سنووردارکردنی گرنگی هەیە. پێویستە سەرنجی ئەوە بدرێت كە پێناسە و واتای "ترافیكلایت" ئەكرێت لە نێو پارتەكانـدا

بگۆڕێت، وە ئەکرێت هەندێك ئەمە بەکاربهێنن تەنها بۆ پۆستی ڕێکخراوەیی ناوخۆیی وەك لە پاڵاوتنی کاندیدەکان. ئەو پارتانەی کە ترافیکلایتێکی ڕەسمی یان نی یە ئەکرێت لە جیاتی ئەوە "ئامانجێکی ڕەگەزی" پەیڕەو بکەن، کەم تا زۆریش پەیوەست بن پێیەوە لە هەڵبژاردنی کاندیدا. ئەو پارتانەی بە تۆخی نووسراون لەو وڵاتانەن کە سیستەمەکانی هەڵبژاردنی زۆرینەیی بەکاردەهێنن.

ü ترافیکلایتی ڕەگەزی ئێستا لەلایەن ئەم پارتەوە بەکاردێت بۆ پاڵاوتنی پەرلەمانی
û ترافیکلایتی ڕەگەزی ئێستا لەلایەن ئەم پارتەوە بەکارنایەت بۆ پاڵاوتنی پەرلەمانی
؟ زانیاری دەربارەی ترافیکلایتی ڕەگەزی لەم سەرچاوەیەوە بوونی نی یە

سەرچاوە: مێگ ڕوسێل 2000. سیاسەتەکانی نوێنەرایەتیی ژنان لە شانشینە یەکگرتووەکان: ئەتوانرێت چی بکرێت لە نێو یاسادا؟
لەندەن: ڕاپۆرتی یەکەی دەستوور. کۆلێژی زانکۆ. زانیاری یە ئەسڵەکەی ناو ڕاپۆرتەکە لە ئەنجوومەنی ئەوروپی پێکهێنرابوو "بنکەزانیاریی ژنان و سیاسەت" .http://www.db-decision.de/index.html

پوختە و ڕێنومێنی یەکان
عێراق ڕووبەڕووی هەڵبژاردنی کۆمەڵێك ڕێگەی هەمەجۆر دەبێتەوە کە نەخشەکێشراون بۆ ئاسانکردنی نوێنەرایەتیی ژنان لە دەزگا هەڵبژێردراوەکان. دەستپێکەکانی بەم دواییانە کە داڕێژراون بۆ بەهێزکردنی نوێنەرایەتیی ژنان، سەرکەوتووانە لە زۆر کۆمەڵگای موسڵماندا بەگەڕخراون، لەوانە مەراکش و پاکستان و ئەندەنوسیا و تانزانیا و سڕبیا، هەروەها لەگەڵ ناساندنی لە ئەفغانستاندا. لە ڕێی ئەم میکانیزمانەوە، گەلێك دەسکەوتی کرداری بەدیهاتووە لە سەرکردایەتیی ژناندا، تەنانەت لەو کۆمەڵگایانەشدا کە هەڵوێستی کەلتووریی زۆر پێشینەیی یان هەیە. کاریگەرترین هەڵبژاردە سیاسی یەکان بۆ عێراق ئەمانەن:

- بۆ دەزگا هەڵبژێردراو یان دەستنیشانکراوەکان

1. بەکارهێنانی (کورسیی گیراو) بۆ ژنان

- بۆ دەزگا هەڵبژێردراوەکان

1. بەکارهێنانی سیستەمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی (یان سیستەمێکی هەڵبژاردنی تێکەڵ)
2. بەکارهێنانی ترافیکلایتی ڕەگەزیی یاسایی بۆ هەموو ئەو کاندیدانەی خۆیان پاڵاوتووە بۆ هەڵبژاردن
3. بەکارهێنانی ترافیکلایتی ڕەگەزیی سەپێنراو، وە بەگەڕخستنی لەلایەن یاسا و ڕێنمایی پارتەکان یان دەستووری نێو هەندێك پارتی تایبەت و گرووپی سیاسی کە کاندید ئەپاڵێون بۆ هەڵبژاردن.

هیچ تاکە "باشترین چارەسەر"ێك نی یە کە لە هەموو وڵاتێکدا سەربگرێت، و نموونە بۆ هەموو ئەمانە لە لێکۆڵینەوە حاڵەتی یە هەڵبژێردراوەکانەوە لە پاشکۆدایە.
پاشکۆی (ڕ): لێکۆڵینەوە حاڵەتی یەکانی سیاسەتە یاسایی یەکان

بەنگلادش

تا ساڵی 2001، سیستەمێکی کورسیی گیراو بەکاردەهات بۆ ژنان، کە تیایدا 30 کورسی لە کۆی 330 کورسی گیرابوون بۆ ژنان (بە هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردران لەلایەن 300 پەرلەمانتارە ڕاستەوخۆ هەڵبژێردراوەکانەوە). ئەم دابینکردنی گەرەنتی یە بۆ ژنان بە بەکارهێنانی کورسیی گیراو، لە نیسانی 2001دا بەسەرچوو. ئەم سیستەمی ترافیکلایتە بۆ یەکەم جار لە دەستووری ساڵی 1972دا هێنرایە ناو پەرلەمانەوە (لەسەرەتادا 15 کورسی گیراوی دابینکردبوو بۆ ژنان لە کۆی 315 کورسی، بۆ ماوەی 10 ساڵ). لەساڵی 1978دا ڕاگەیەندراوێکی سەرۆکایەتی، ژمارەی کورسی یە گیراوەکانی زیاد کرد بۆ 30 کورسی و ماوەکەشی درێژکردەوە بۆ 15 ساڵ لە بەرواری ڕاگەیاندنی دەستووری کۆمارەکەوە لە کانوونی یەکەمی 1972. ئەم فەراهەکردنە دەستووری یە لەساڵی 1987دا بەسەرچوو وە جارێکی تر خرایەوە ناو دەستوور بە هەمووارکردنەکەی ساڵی 1990 تاوەکو بۆ ماوەی 10ساڵ لە یەکەم دانیشتنی ئەنجوومەنی داهاتووی یاسادانانەوە کاریگەر بێت. ئەم فەراهەمکردنەش لەساڵی 2001دا لەکارکەوت. پەرلەمانی هەڵبژێردراو لە تشرینی یەکەمی 2001دا کورسیی گیراوی نی یە بۆ ژنان.

لە ژێر سیستەمی کورسیی گیراودا، ئەو 300 کورسی یەی کە ڕاستەوخۆ کێبڕکێیان لەسەر کرا، لە ناوچەی تاك-ئەندام هەڵبژێردرابوون. کۆمیسۆنی هەڵبژاردن وڵاتەکەی کرد بە 30 هەرێمی دەنگدانەوە بۆ هەڵبژاردنی ژنان بۆ کورسی یە گیراوەکان. ئەو پەرلەمانتارانەی ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرابوون بۆ 300 کورسی یەکە، لە ڕێی هەرێمەکانی دەنگدانەوە دەنگیان دا بە کورسی یە گیراوەکان بۆ ژنان لە هەڵبژاردنی ساڵی 1996، کە کورسیی گیراویش بەکارهات، 7 ئافرەت کورسییان بەدەست هێنا لە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆدا (کە سەرۆکی دوو پارتی سەرەکیی لەخۆگرتبوو، هەردووکیان بێوەژنی سەرۆکە تیرۆرکراوەکانی پێشووی دوو پارتەکە بوون)، لەگەڵ 30 کورسیی گیراودا. ڕێکخراوەکانی ژنان خەریکی درووستکردنی فشارن بۆ داڕشتنەوەی کورسی یە گیراوەکان وەك پلەی هەڵبژێردراوی ڕاستەوخۆ و زیادکردنی ژمارەی کورسی یە گیراوەکان.

پاکستان (بڕوانە پاشکۆی ج)

لە پاکستان، لەژێر سەرپەرشتیی ڕاسپاردەی هەڵبژاردنە گشتی یەکان، 2002، کورسی گیراوە بۆ ژنان لە هەردوو ئەنجوومەنی نوێنەرانی پەرلەمان (60 کورسی لە کۆی 342، یان لەسەدا 17) و ئەنجوومەنی پارێزگاکان (ئەوەش لەسەدا 17). لەسەدا 33ی کورسی یەکان لە ئەنجوومەنەکانی نوێنەران (کۆمەڵەکان، ئەنجوومەنی شارەوانی، هەرێمەکان) گیراون بۆ ژنان. دەستوورەکانی ساڵانی 1954، 1956، 1962، 1970، 1973 و 1985 هەموویان کورسیی گیراویان دابینکردبوو بۆ ژنان لە هەردوو ئەنجوومەنی هەرێمەکان و ئەنجوومەنی نیشتمانی. دابەشکردنی پشکی کورسی یەکانیش لە نێوان 5% و 10%دا بوو، وە تەنها لە ڕێی هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆوە بوو لەلایەن ئەندامانی ئەنجوومەنەکان خۆیانەوە. لەساڵی 1954دا، بۆ نموونە، ترافیکلایتێکی لەسەدا 3 بۆ ژنان لە پەرلەمان قبوڵکرا. دەستووری ساڵی 1956،- 10 کورسیی گیراوی دابینکرد بۆ ژنان بۆ ماوەی 10 ساڵ، کە بەیەکسانی لە نێوان پاکستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دابەشکرابوون. گرتنی کورسی یەکان لەساڵی 1988دا ماوەی بەسەرچوو پاش سێ هەڵبژاردنی گشتی (1977،

1985،- 1988) هەروەك لە دەستووری ساڵی 1985دا مۆڵەتی پێ درابوو. ژنان بە سیستەمێکی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی هەڵدەبژێردرێن بۆ کورسی یە گیراوەکان لە پەرلەمانی نەتەوەیی و ئەنجوومەنی هەرێمەکان. هەر هەرێمەو بە ناوچەیەکی هەڵبژاردن دادەنرێت، وە کورسی یەکان دابەش دەکرێن بەسەر ئەو ژنانەی کە لەلایەن پارتەکانەوە پاڵێوراون، بە گوێرەی ژمارەی ئەو کورسی یانەی کە لەلایەن ئەو پارتانەوە بەدەست هێنراوە لەو کورسی یانەی بەگشتی پێشبڕکێی لەسەر کراوە، کە ئەمەش لە ناوچەکانی تاک-ئەندام هەڵدەبژێردرێن بە سیستەمی دەنگی زۆرینە.

لە هەڵبژاردنە گشتی یەکانی ساڵی 2002دا، 12 ئافرەت بوونە خاوەنی کورسی لە پەرلەمانی نەتەوەیی دا لەو کورسی یانەی کە بە گشتی کێبڕکێیان لەسەر کرا، لەگەڵ 60 کورسی یە گیراوەکاندا، کە سەرجەمی نوێنەرایەتیی ژنانی کردە 72 کورسی لە کۆی 342 کورسی، یاخود لەسەدا 21,1.

ئەفغانستان (بڕوانە پاشکۆی د)

لە ئەفغانستان، ئەو دەستوورەی لە کانوونی دووەمی ساڵی 2004دا خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوە دیاری دەکات کە پێویستە ئەنجوومەنی نیشتمانی ئەندامی ئافرەت لەخۆبگرێت لە هەردوو هۆبەکەیدا*، بە تایبەتی بۆ هۆبەی خواروو (وۆلێسی جیرگا). دەستوورەکە ئەوە دیاری ئەکات کە بە لایەنی کەمەوە یەك ئافرەت دەبێت ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرێت لە هەر هەرێمێکدا، کەمترین ڕێژەی ژنانیش پەیوەستە بە ژمارەی ئەو هەرێمانەی کە بۆ هەڵبژاردن بەکارهاتوون، کە ئەمەش بە پێی یاسای هەڵبژرادن دیاری دەکرێت. جگە لەوەش، کورسیی گیراو هەیە بۆ هۆبەی سەروو (میشرانۆ جیرگا). سێ یەکی ئەندامانی میشرانۆ جیرگا لەلایەن سەرۆکەوە دیاری دەکرێت. لەسەدا 50ی ئەمەش، ئافرەت دەبن.. بە تێکڕا، کەمترین ڕێژەی ژنان، شەش یەکی میشرانۆ جیرگایە.

مەڕاکش

لە مەڕاکش، لە کۆی ئەو 325 کورسی یەی کە بە سیستەمی دەنگی زۆرینە هەڵدەبژێردرێن، 295 کورسی لە لیستی نەتەوەیی و 30 کورسی لە لیستی تەنها-ژنان پڕدەکرێنەوە. لە هەڵبژاردنی ساڵی 2002دا، پێنج ئافرەت بردیانەوە لەو کورسی یانەی کە بە گشتی کێبڕکێیان لەسەر کرا لەگەڵ 30 کورسیی گیراودا، کە بە سەرجەم 35 کورسی دەکات لە کۆی 325 کورسی، واتە لەسەدا 10,8ی کورسی یەکان لەلایەن ژنانەوە گیراون.

ئەردەن

لە ئەردەن، گۆڕانکاری یەك لە یاسای هەڵبژاردندا لەساڵی 2001دا، 6 کورسیی گرت لە کۆی 110 کورسی بۆ ژنان لە هۆبەی خوارووی پەرلەمانی نەتەوەیی دا. پادشا ئەو شەش ئافرەتەی دەستنیشان کرد کە بەرزترین ڕێژەی دەنگیان بەدەست هێنابوو لە ناوچەکانی دەنگانیاندا. ئەمانە تاکە ئافرەت بوون کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2003دا هەڵبژێردران بۆ پەرلەمان، کە تێکڕای دەکاتە لەسەدا 5.

بەلجیکا

لە بەلجیکا، یاسای هەڵبژاردنی 24ی مایسی ساڵی 1994، ئەوە دەستنیشان دەکات کە نابێت زیاتر لە سێ دووی کاندیدەکانی ناو لیستی هەڵبژاردنی هەر پارتێك لە هەمان ڕەگەز بێت. بۆیە، کەمترین نوێنەرایەتیی پێویست بە تەواوەتی وەك یەکە بۆ پیاوان و ژنان. ئەم یاسایە،

ئەنجوومەنی نوێنەران و (سینات)یش دەگرێتەوە، هەروەها پەیڕەو دەکرێت بۆ ئەنجوومەنی هەرێمەکان و کۆمەڵەکان و ناوچە و شارەوانی یەکان، بە هەمان شێوەش بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپی. ئەگەر ئەم مەرجە ڕێزی لێ نەگیرێت، ئەوا ئەو شوێنی کاندیدانەی کە لە لیستەکەدا دەبوو ژنانی تێدابێت، دەبێت بە بۆشی بەجێ بهێڵدرێت ئەگینا هەموو لیستەکە بە هەڵوەشاوە لەقەڵەم دەدرێت. یاساکە بۆ یەکەم جار بە تەواوی بەهێزکرا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1999ی ئەوروپا، کە بەرزبوونەوەی ڕێژەی ژنانی بەلجیکی بەخۆوە بینی لە پەرلەمانی ئەوروپادا لە %18.5 بۆ %23,3. ئەمە زیادبوونێك بوو، هەرچەندە مامناوەندیشە، بەڵام هێزەکانی دەسەڵاتداری ئەوە ئەگەیەنن کە چەندین هەڵبژاردنی یەك لە دوای یەك دەخایەنێت لەژێر یاسا نوێکاندا پێش ئەوەی ژنان ببنە سێ یەك یان زیاتری پەرلەمانتارە بەلجیکی یەکان.

فەڕەنسا

لەساڵی 1999دا، فەڕەنسا یاسای یەکسانی دەرکرد، کە هەموارکردنێکی دەستووری بوو وە ئەوەی پێویست دەکرد کە پارتەکان لیستەکانیان %50ی نوێنەرایەتیی ژنان لەخۆیان بگرن بۆ هەڵبژاردن، لەگەڵ لکاندنی سزای ماددی لە حاڵەتی پەیڕەونەکردنیدا. ئەو یاسای یەکسانیی ڕەگەزی یە کە لە حوزەیرانی ساڵی 2000دا دەرچوو، ئەوە دیاری دەکات کە بۆ هەڵبژاردنەکانب ئەنجوومەنی نیشتمانی، لە نێوان %48 بۆ %52ی ئەو کاندیدانەی لەلایەن هەر پارتێکی سیاسی یەوە دەستنیشان کراون لەسەر ئاستی نەتەوەیی، دەبێت ئافرەت بن. ئەگەر ئەم ڕێژەیە زیاتر یان کەمتر بێت، ئەوا دەوڵەت هاوکاری یە ماددی یەکەی ڕادەگرێت. ئەنجامەکانی یەکەم هەڵبژاردن کە لە مارتی ساڵی 2001دا لەژێر یاسا نوێکاندا ئەنجام درا، کاریگەری یەکی بنەڕەتی نیشان دەدات لەسەر ئاستی هەرێمی، کە ژمارەی ژنانی لە دەزگا حکومی یەکاندا کردە نزیکەی دوو ئەوەندە، لە %25 بۆ %47. لەگەڵ ئەوەشدا، لە یەکەم هەڵبژاردنەکاندا کە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی فەڕەنسی و لە ژێر یاساکانی یەکسانی دا لە حوزەیرانی ساڵی 2002دا ئەنجام دران، ڕێژەی ئافرەتی هەڵبژێردراو تەنها %1.4 بەرزبووەوە، لە %10,9 بۆ %12,3.تەنها هەشت ئافرەت چوونە ناو ئەنجوومەنەکەوە، کە ئەمەش هیوای ڕیفۆرمخوازەکانی کردە ئاوەوە. گرنگترین هۆکارەکان بریتی بوون لەوەی کە یاسای یەکسانی سەرکەوتوو نەبوو لە دیاریکردنی دەستنیشانکردنی ژنان بۆ جۆری تایبەتی لە کورسیی تاك ئەندام، بۆ ئەوەی ئافرەتە پاڵێوراوەکان لەو ناوچەی دەنگدانانەدا چڕ بکرێنەوە کە بردنەوەیان ئەستەمە. جگە لەوەش، پارتە سەرەکی یەکان بڕیاریان دا کە لایەنگیریی دەسەڵاتدارەکان بکەن، وە بە شێوەیەکی بەرچاو ئەو سزا ماددی یانەیان پشتگوێ خست کە بریتی بوو لە کەمکردنەوەی داهاتی پارتەکان لە حاڵی بوونی لیستێکی ناهاوسەنگی پارتەکەدا. ڕێوشوێنەکەش بریتی بوو لە کەمکردنەوە لەو داهاتە حکومی یەی تەرخانکرابوو بۆ هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی هەر پارتێك لەسەر پێوەرێکی بگۆڕی %5 بۆ جیاوازی یەکی ڕەگەزیی %10 لەسەر لیستی کاندیدەکانی پارتەکاندا، %30 بۆ جیاوازی یەکی %60، و زۆرترینیش %50 بۆ جیاوازی یەکی %100. بەم شێوەیە، لیستێکی هەموو-نێر هێشتا نیوەی داهاتە حکومی یەکە وەردەگرێت. سەرەڕای یاسای یەکسانی، ڕێژەی ژنان لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا ئەوە

دەگەیەنێت کە فەڕەنسا لە پاش چاکسازی بە 61ەم پلەبەندکراوە، بە بەراورد بە پلەی 59ەم پێش بەگەڕخستنی یاسای یەکسانی.

ئەرجەنتین

لەماوەی سەرەتای ساڵانی 1990، لەگەڵ بەرفراوانبوونی دیموکراسیدا، ناوبانگی ترافیکلایتی ڕەگەزیی یاسایی بەخێرایی بە ئەمریکای لاتینیدا بڵاو بووەوە. یەکەمین و کاریگەرترین یاسا

(Ley de Cupos‘) لەساڵی 1991دا لە ئەرجەنتین دەرکرا، کە سیستەمێکی ترافیکلایتی سەپێنراوی دەخستە گەڕ بۆ هەموو ئەو پارتانەی کێبڕکێیان دەکرد لە هەڵبژاردنە نەتەوەییە یەکاندا بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران. "لیستەکان دەبێت کەمترین 30%ی کاندید ئافرەت لەخۆبگرن و بەشێوەیەکی ڕێژەیی و لەگەڵ بوونی ئەگەری هەڵبژاردنیان. هەر لیستێك کە پابەند نەبێت بەم داواکاری یانەوە، پەسەند ناکرێت". لە هەمووشی گرنگتر، یاساکە ئەوە دیاری دەکات کە ژنان لە ناو لیستی پارتەکاندا پلەبەندی بکرێن، نەك بخرێنە کۆتایی یەوە و هیچ هەلێکی ڕاستەقینەی هەڵبژاردنیان ڕووبەڕوو نەبێتەوە. لیستی ئەو پارتانەی کە سەرکەوتوو نابن لە پابەند بوون بە یاساکە، ڕەت دەکرێتەوە. ئەگەر لیستە ڕەتکراوەکە ڕاست نەکرێتەوە تاوەکو هەماهەنگ بێت لەگەڵ یاسادا، پارتی دیاریکراو ناتوانێت کێبڕکێ بکات لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنیی ئەو هەرێمەدا. لقی هەرێمیی پارتە سیاسی یەکان لیستی داخراوی پارتەکان درووست دەکەن کە نوێنەرەکانی ئەرجەنتین لێیەوە هەڵدەبژێردرێن، هەرچەندە جار جار پارتی نەتەوەیی دەست تێوەردەدات بۆ سەپاندنی لیستێك لە پاش بەگەڕخستنی یاساکە، لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ساڵی 1993- 21,3% (27 لە کۆی 127)ی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان ئافرەت بوون، ئەمەو بە بەراورد بە تەنها 4,6% (6 لەکۆی 130) لە هەڵبژاردنی ساڵی 1991. پاش دەساڵ لە دەرکردنی یاساکە، ڕێژەی ژنان لە ئەنجوومەنی نوێنەران بەرز بووەتەوە بۆ 30,7% (79 لەکۆی 257)، کە ئەرجەنتین لە پەلەی 9ەمدا دادەنێت لە نوێنەرایەتیی ژناندا لەسەر ئاستی جیهان. بە سەرجەم، یانزە وڵاتی ئەمریکای لاتینی ئێستا یاسای نەتەوەیی بەکاردێنن کە کەمترین ڕێژە دیاری دەکات بۆ بەشداریکردنی ژنان وەك کاندید لە هەڵبژاردنە نەتەوەیی یەکاندا و وڵاتی دوانزەیەمیش، کۆلۆمبیا، ترافیکلایتی لەسەدا 30ی پەسەند کردووە بۆ ژنان لە پلەی بەرزدا لە بەشی ڕاپەڕاندندا (دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن). هەرچەندە کاریگەری یەکانیان جۆراوجۆرن، لەم وڵاتانەدا بەراوردکردنێکی ئەو هەڵبژاردنانەی کە ڕاستەوخۆ لە پاش دەرکردنی ئەم یاسایانە ئەنجام دراون، پێشنیاری ئەوە دەکات کە ترافیکلایتی ڕەگەزیی دامەزراو لەسەر تێکڕایەکی لەسەدا 8، دەسکەوت بەدی ئەهێنێت لە هەڵبژاردنی ژنان بۆ ئەنجوومەن. جیاوازی لە کاریگەریی ترافیکلایتەکاندا دەکرێت بەوە ڕوون بکرێتەوە کە ئاخۆ لیستی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی کراوەیە یان داخراو (کە دووەمیان کاریگەرترینە)، بوونی ڕاسپاردەی جێگیرکردن (ڕاسپاردنی پارتەکان بۆ پلەبەندکردنی ژنان لە شوێنە بەرزەکاندا لەسەر لیستە داخراوەکان)، بڕی هەرێمی (ژمارەی زیاتری کاندیدەکان لە هەرێمێکدا، واتە ئەگەری زیاتری سەرگرتنی ترافیکلایتەکان) ، لەگەڵ پابەندبوونی پڕ متمانەی پارتەکان.

ئەفریقای باشوور

له ئەفریقای باشوور، یاسای پێکهاتە هەرێمی یەکان دەڵێت پارتە سیاسی یەکان دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە ژنان 50%ی کاندیدانی ئەو لیستە پێك دەهێنن کە پێشکەش دەکرێت بۆ هەڵبژاردن لەسەر ئاستی حکومی، وە لەوەی کە کاندیدە ئافرەت و پیاوەکان بە یەکسانی دابەش بوون بەسەر لیستی هەر پارتێکدا. لە پاش هەڵبژاردنە هەرێمی یەکانی ساڵی 2000، ژنان 28,2%ی ئەنجوومەنی خۆماڵی بوون، لەگەڵ بەدەستهێنانی گەورەترین سەرکەوتنی ژنان لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئەفریقی (ANC) و لەناوچە شارنشینەکاندا.
هیچ فەراهەمکردنێك نەخرایە نێو دەستووری ساڵی 1996ی ئەفریقای باشوور بۆ دڵنیابوون لە نوێنەرایەتیی ژنان لە پەرلەمانی نەتەوەیی دا، هەرچەندە مافەکانی ژنان دەپارێزرێت، وەك یەکسانیی ئازادیی زاووزێکردن و ئازادیی لە توندوتیژی. لەم وڵاتەدا، ژنان زۆر سەرکەوتوو بوون لە بەدەستهێنانی دەزگا هەڵبژێردراوەکاندا، بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی بەکارهێنانی ترافیکلایتی ڕەگەزیی سەپێنراو لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئەفریقی (ANC)، هەروەك زیاتر تاووتوێ کراوە لە بەشی داهاتوودا.

پاشکۆی (ب): لێکۆڵینەوە حاڵەتی یەکانی ترافیکلایتی ڕەگەزیی سەپێنراو
ئەفریقای باشوور
سەرەڕای نەبوونی هیچ جۆرە فەراهەمکردنێکی دەستووری لە ئەفریقای باشوور، ژنان زۆر سەرکەوتوو بوون لە بردنەوەی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان: ئەفریقای باشوور ئێستا بە پلەی حەوتەم ڕیزبەندی کراوە لە جیهاندا (سێیەم لە نێو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا) بە پێی ڕێژەی ژنان لە دەوڵەتی نەتەوەیی دا. گرنگترین هۆکارەکان بریتین لە بەکارهێنانی سیستەمێکی هەڵبژاردنی لیستی ڕێژەیی پارتەکان لە پاش کۆتایی هاتنی ڕەگەزپەرستی لەگەڵ بەکارهێنانی ستراتیژیی چالاکیی ئەرێیی لە نێو لیستی پارتەکاندا، بە تایبەتی ئەو ترافیکلایتی 30%یەی کە لەلایەن پارتی نەتەوەیی ئەفریقی (ANC)ی پێش-سەرەکی* بەکار دەهێنرا. لە ئەنجامدا، لە نیسانی ساڵی 1994دا کاتێك ئەفریقای باشوور یەکەم هەڵبژاردنی دیموکراتیی ئەنجام دا، لە پاش یاسای ڕەگەزپەرستی، حکومەتی دەرئەنجام 117 ئافرەتی لەخۆگرت، لەسەدا 24ی پەرلەمان (109یان لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا- لەسەدا 27، وە 8یان لە سێنات- واتە لەسەدا 9). پاش پێنج ساڵ، لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1999، حکومەتی دەرئەنجام 138 ئافرەتی لەخۆگرت، واتە لەسەدا 28ی پەرلەمان ( 119یان لە ئەنجوومەنی نیشتمانی – نزیکەی لەسەدا 30، وە 19یان لە NCOP – واتە لەسەدا 21). سەرکەوتوویی ئەفریقای باشوور بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بەستووە بە تێوەگلانی زووی ژنان لە پارتی (ANC) و درووستکردنی پشتگیری بۆ بەکارهێنانی ترافیکلایتی ڕەگەزی بۆ دەزگا هەڵبژێردراوەکان لە ڕێی (کۆمەڵەی ژنانی نەتەوەیی) و هەروەها کەلتورێکی سیاسیی یەکسان کە پەی بردووە بە گرنگیی لەخۆگرتنی ژنان لە ڕۆڵی سەرکردایەتیدا.

ئەندەنوسیا

له هەڵبژاردنەکـانی ســاڵی 1999ی ئەندەنوسـیادا ژنـان ژمارەیـان 44 بـوو لە کـۆی 500 ئەندامی هەڵبژێردراوی پەرلەمان، کە دەکـاتە تێکڕایەکـی لەسـەدا 8,8. جگە لەوەش، تەنهـا %5ی کارمەندە هەڵبژێردراوەکان لەسەر ئاستی هەرێمی ئافرەتن.
لەپێناو هەوڵدان بـۆ بـرەودان بە دۆخەکە، بەنـدی 65 لە یاسـای هەڵـبژاردنی مایسـی 2003 پێشنیاری ئەوە دەکات کە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، پارتە سیاسی یەکان کاندید بپـاڵێون "بـۆ هەر هەرێمێکـی هەڵـبژاردن بە ڕەچـاوکردنی نـوێنەرایەتیکردنی ژنـان بە ڕێـژەی %30 بە لایەنی کەمەوە". زۆر پارت ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە مەبەستیانە بە گـوێی پێشـنیارەکە بکەن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، بە پارتەکانی PDI-P (پارتەکەی مێگاواتی)، گوڵکار، پارتی هەستانەوەی نەتەوەیی (PKB)، پارتی ڕاسـپاردەی نەتـەوەیـی (PAN)، پـارتی ئەسـتێرەی هیلالی (PBB)، لەگەڵ پارتی دادی سـەرکەوتوو (PKS). لەگەڵ ئەوەشـدا، یاسـاکە لاوازە چونکە هێشتا ژنان بەزۆری لە بنی لیستی پارتەکاندا پلەبەند دەکرێن و هیـچ سـزایەك نـی یە لەکاتی جێبەجێنەکردنی یاساکەدا.

ئیسکەندەناڤیا

پارتی کاری نەرویجـی یەکەم پـارت بـوو لە ئیسـکەندەناڤیا بـۆ بەگەڕخسـتنی ترافیکلایـتێکی ڕەگەزی %40 بۆ هەموو هەڵبژاردنەکان لەسـاڵی 1983. هەرچەنـدە ئەمە جێگەی کاندیـدە ئافرەتەکانی دیاری نەکرد لەناو لیستەکانیاندا. پارتە نەرویجی یەکـانی تریـش هەمـان شـتیان کرد، بە پارتەکانی چەپی کۆمەڵایەتی، پارتی ناوەڕاست، لەگەڵ دیموکراتە مەسیحی یەکان. ئەمە دانیمارکی بەدوادوا هات کە تیایدا پـارتی سۆشـیال دیمـوکرات ترافیکلایـتێکی %50ی هێنایە کایەوە بۆ هەڵبژاردنەکان لەساڵی 1981.
لەساڵی 1994دا، پـارتی سۆشیال دیمـوکراتی سـویدی، ڕێسـای لەخـۆگرتنی ئافرەتێك وەك هەموو ناوێکی دووەمی هێنایە کایەوە کە لە لیسـتەکەدا بەکـارهێنراون (ڕێسـای زنجیـر یـان ڕێسـای کەرەکێـوی) چـونکە شـوێنی پلەبەنـدیی کاندیـدەکان لەسـەر لیسـتی پارتەکـان چارەنووسـازە لە سـەرکەوتنیان لەوەی کە هەڵبـژێردرێن. لە ژێـر ئەم ڕێسـایەدا، هەمـوو ناوێکی دووەم لەسەر لیستی پاڵێوراوانی پارتەکە دەبێت جێگۆڕکێ بکات لە نێوان ئافـرەت و پیـاودا. لە سوید، لە هەڵبژاردنە گشـتی یەکـانی سـاڵی 1994ەوە، سۆشیال دیموکراتەکـان، گەورەترین پارتی سیاسی، وە پاشان سەوزەکان و دیموکراتە مەسیحی یەکـان بە شـێوەیەکی سیستەمی نـاوی ئافـرەت و پیاوەکانیـان جێگۆڕکێ پێکـردووە لە نـاو لیسـتی کاندیدەکانـدا لە نـاوچەی هەڵبژاردنەکانـدا بـۆ هەڵـبژاردنە پەرلەمـانی و حکـومی و هەرێمـی و پەرلەمـانی یەکێتیی ئەوروپا.

ئەڵمانیا

لەئەوروپای ڕۆژئاوا، پراکتیزە فەرمەی یەکـان دەگـۆڕێن لەنێـوان وڵاتـان و پارتەکانـدا. لە ئەڵمانیا، سێ لە پێنجـی پـارتە سیاسـی یە سـەرەکی یەکـان سیسـتەمێکی ترافیکلایـتی %40-%50 بەکــاردەهێنن لە یاســای پارتەکانــدا. لەســاڵی 1980، کاتێــك ســەوزەکان لە جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی یەوە بوون بە پارتێکی سیاسی، هاوسەنگی یەکی ڕەگەزی یـان چاند بە لەخۆگرتنی ترافیکلایتێکی توندی لەسەدا 50، پێکەوە لەگەڵ سیستەمێکی زنجیری لە یاسـاکانیاندا. جگە لە پلە بەرزەکـان لە حکومەتـدا، سـەوزەکان توانیویـانە کەم تـا زۆر بە داواکاری یەکانیان شاد ببن. لەسـاڵی 1988، سۆشیال دیموکراتەکـان هەمـان کاریـان کـرد

بەوەی لە یاسای پارتەکەیاندا ئەوەیان بە مەرج گرت کە دەبێت لە هەموو هەڵبژاردنە ناوخۆیی یەکانی پارتەکەدا بە لایەنی کەمەوە سێ یەکی کاندیدەکان دەبێت مێ بن. لەساڵی 1994 بەدواوە، سەدی 40ی هەموو پلەی پارتەکان دەبێت لەلایەن ئافرەتەوە وەربگیرێت. بۆ لیستی هەڵبژاردنەکان و ڕاسپاردنی پەرلەمانی و دەزگای حکومی، ماوەیەکی گواستنەوە بە ڕێژەیەکی سەدی نزمتر ڕێکەوتنی لەسەر کرا. بە یەك چارەك دەستی پێکرد لەساڵی 1988، داوای سێ یەکی کرد لەساڵی 1994، وە گەیشتە لەسەدا 40 لەساڵی 1998. پارتی (SPP) ئامانجەکانی پێکا لەناو پارتەکەدا، بەڵام کورتی هێنا لە کورسی یەکانی پەرلەمان و حکومەتدا.
لەساڵی 1996، پارتی دیموکراتی مەسیحی (CDU) بەناو "ژمارەی پێویست"*ی هێنایە کایەوە کە داوای لەسەدا 30ی نوێنەرایەتیی مێینە دەکات لە هەردوو پۆستی پارتەکان و لیستی هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام تاکو ئێستا ئەم ئامانجانە نەهاتوونەتە دی. لەپاش یەکگرتنی ئەڵمانیا، پارتی سۆشیال دیموکرات (PDS – پێشتر پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات) ترافیکلایتێکی توندی لەسەدا 50ی هێنایە کایەوە پێکەوە لەگەڵ سیستەمێکی زنجیریدا. لەزۆر هەڵبژاردندا، PDS لە ئامانجەکانی خۆی زیاتری بەدەست هێناوە. ئێستا، یەکێتیی سۆشیالستی مەسیحی (CSU – خوشکە پارتی پاڤاریی CDU) لەگەڵ لیبراڵەکان (پارتی دیموکراتی سەربەست – FDP) ڕازی نین ترافیکلایتی ڕەگەزیی سەپێنراو بەکار بهێنن.

بەریتانیا
لە بەریتانیا، پارتی کار بۆ یەکەم جار ڕازی بوو بەوەی کە بنەماکانی ترافیکلایت، نوێنەرایەتیی ژنان زیاد بکات لە پلە ناوخۆیی یەکانی پارتەکەدا لە کۆتایی هەشتاکاندا. پێوانەیەکی کەمترین بەکارهات بۆ دەستنیشانکردنی کاندیدەکان بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران. بۆ ئەوەی ئەگەر لقێکی حکومی ئافرەتێکی پاڵاوت، بە لایەنی کەمەوە ئافرەتێك دەبێت بخرێتە ناو لیستی ناوچەی هەڵبژاردنەکەوە. لەساڵی 1993، بڕیار لەسەر ئەوە درا کە پێوانەی بنچینەیی تر پێویستن. لە ئەنجامدا، کۆنفرانسی ساڵانەی پارتی کار ڕێکەوت لەسەر ئەوەی لە نیوەی کورسی یەکانی پەرلەمانتارە خانەنشینەکانی پارتی کار و لە نیوەی کورسی یە گرنگەکانی ئامانجی سەرەکیی پارتەکە، ئەندامانی پارتە خۆماڵی یەکە داوایان لێ دەکرێت کاندیدی پەرلەمانەکەیان دەستنیشان بکەن لە لیستێکی هەموو-ئافرەتدا. کورسی یەکانی تر کراوە دەبن بۆ هەردوو ئافرەت و پیاو. هەرچەندە لە پاشاندا ئەم سیاسەتە لە ژێر ململانێیی یاسایی دا لاوازتر بوو، هێشتا زۆر کاریگەر دەرکەوت، کە ژمارەی ژنانی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی شانشینە یەکگرتووەکان کردە دوو هێندە لە نێوان ساڵانی 1992-1997. وێڕای دوورکەوتنەوە لە سیاسەتە ڕەسەنەکە، ئەم دەسکەوتانە لە پاشاندا لە هەڵبژاردنە گشتی یەکانی مایسی 2001دا مانەوە.
بۆ یەکەمین هەڵژاردنەکان بۆ پەرلەمانی نوێی سکۆتلەندی و ئەنجوومەنی وەیڵز و ئەنجوومەنی لەندەنی گەورە، کار سیاسەتێکی "دوانەیی" هێنایە کایەوە. سیستەمەکە کورسی یە هاوسێکانی "کردە دوانە" بە ڕەچاوکردنی "ئەگەری بردنەوەیان" بۆ ئەوەی هەر جووتە و پیاوێك و ئافرەتێك دەستنیشان بکات. ئەم هەلە بەشێوەیەکی بێ هاوتا لە ئارادا بوو، بەو

مەرجەی کە ئەنـدامی خـاوەن پۆسـتی حکـومیی تێـدا نەبێـت. لەژێـر ئەم سیسـتەمەدان دەستنیشـانکەرانی پـارتی خۆمـاڵی لە دوو نـاوچەی هەڵـبژاردن پێکەوە کـۆ دەبنەوە بـۆ دەستنیشانکردنی کاندیدەکان، وە هەریەکەیـان دوو دەنگـی دەبێت، دانەیەکیـان بـۆ پیاوێـك و دانەیەکی تریشیان بۆ ئافرەتێك.

پاشکۆی (ج): پوختەیەك لە بەڕێوەبردنی ڕێنماییەکانی هەڵبژاردنی گشتی لە پاکستان

ژمارەی کورسی یەکان لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا:

(1) سێ سەد و چل و دوو کورسی هەیە بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی، بە کورسیی گیراو بۆ ژنان و ناموسڵمانانیشەوە.

(2) ئەو کورسی یانەی ئەنجوومەنی نیشتمانی کە لە بەندی (1) ئاماژەی بۆ کراوە، جگە لەوانەی لە بەندی (3) دابین کراوە، تەرخان دەکرێن بۆ هەموو هەرێم و ئەو ناوچە خێڵەکی یانەی بە فیدراڵی بەڕێوە دەبرێن لەگەڵ پایتەختی فیدراڵدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

| | کورسییە گشتی یەکان | ژنان | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| بلوچستان | 14 | 3 | 17 |
| ئەو ناوچە خێڵەکـی یانەي بە فیدراڵي بەڕێوەدەبرێن | 12 | _ | 12 |
| پایتەختی فیدراڵ | 2 | _ | 2 |
| هەرێمی باکووری رۆژئاوای دوور | 35 | 8 | 43 |
| پنجاب | 148 | 35 | 183 |
| سیند | 61 | 14 | 75 |
| سەرجەم: | 272 | 60 | 332 |

(1) جگە لە ژمارەی ئەو کورسی یانەی لە بەندی (2)دا ئاماژەیان پێ کراوە، لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا 10 کورسی دەگیرێت بۆ نا-موسڵمانەکان هەروەك لە ماددەی 206ی دەستووردا دیاری کراوە.

(2) بۆ مەبەستی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نیشتمان

أ. ناوچەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی کورسییە گشتییەکان، ناوچەی دەنگدانی تاك ئەندامی هەرێمی دەبن.

ب. ئەو ئەندامانەی کورسییە گشتییەکان پڕدەکەنەوە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا، بە دەنگی ڕاستەوخۆ و سەربەست هەڵدەبژێردرێن.

ج. هەر هەرێمەو دەبێتە ناوچەیەکی دەنگدان بۆ هەموو کورسییە گیراوەکان بۆ ژنان کە بۆ هەرێمە ناوبراوەکان تەرخان کراون لەژێر بەندی (2)

د. ناوچەی دەنگدان بۆ هەموو ئەو کورسییانەی بۆ نا-موسڵمانەکان گیراون، هەموو وڵاتەکە دەبێت.

ه. ئەو ئەندامانەی ئەو کورسییانە پڕدەکەنەوە کە بۆ ژنان گیراون لەژێر بەندی (2)دا بۆ هەر هەرێمێك دیاری کراون، لەڕێی سیستەمی هەڵبژاردنی ڕێژەیی لیستی کاندیدی

پارتە سیاسی یەکانەوە هەڵدەبژێردرێن کە لە بەشی (8و)دا دیاری کراوە لەسەر بنەمای ژمارەی سەرجەمی ئەو کورسی یە گشتی یانەی کە لەلایەن هەر پارتێکی سیاسی یەوە بەدەست هێنراوە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا.

و. ئەو ئەندامانەی ئەو کورسییانە پڕ دەکەنەوە کە بۆ نا-موسڵمانەکان گیراون لەژێر بەندی (3)، لەڕێی سیستەمی هەڵبژاردنی ڕێژەیی لیستی کاندیدی پارتە سیاسی یەکانەوە هەڵدەبژێردرێن کە لە بەشی (8و)دا دیاری کراوە لەسەر بنەمای ژمارەی سەرجەمی ئەو کورسی یە گشتی یانەی کە لەلایەن هەر پارتێکی سیاسی یەوە بەدەست هێنراوە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا.

ز. هەر پارتێکی سیاسی کە کەمتر لە سەدی پێنجی ژمارەی سەرجەمی کورسی یە گشتی یەکان زامن بکات لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا، دەسەڵاتی هیچ کورسییەکی گیراوی پێ نادرێت بۆ ژنان یان بۆ نا-موسڵمانەکان.

ژمارەی کورسی یەکان لە ئەنجوومەنی هەرێمی یەکاندا

(1) (1) هەر ئەنجوومەنێکی هەرێمی پێك دێت لە کورسی گشتی و کورسیی گیراو بۆ ژنان و نا-موسڵمانەکان هەروەك لێرەدا لە خوارەوە دیاری کراوە:

| | کورسییە گشتی یەکان | ژنان | ناموسڵمانەکان | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| بالوچستان | 51 | 11 | 3 | 65 |
| هەرێمی باکووري أۆژئاواي دوور | 99 | 22 | 3 | 124 |
| پنجاب | 297 | 66 | 8 | 371 |
| سیند | 130 | 29 | 9 | 168 |
| سەرجەم: | 577 | 128 | 23 | 728 |

(2) بۆ مەبەستی هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنێکی هەرێمی:

ڕ. ناوچەی دەنگدان بۆ کورسییە گشتی یەکان ناوچەی دەنگدانی تاك-ئەندامی هەرێمی دەبێت.

ب. ئەو ئەندامانەی کورسییە گشتییەکان پڕ دەکەنەوە، بە دەنگی ڕاستەوخۆ و سەربەست هەڵدەبژێردرێن.

ج. هەر هەرێمەو دەبێتە ناوچەیەکی دەنگدان بۆ هەموو ئەو کورسییانەی گیراون بۆ ژنان و نا-موسڵمانەکان کە تەرخانکراون بۆ هەرێمە ناوبراوەکان لەژێر بەندی (1)

د. ئەو ئەندامانەی ئەو کورسییانە پڕ دەکەنەوە کە بۆ ژنان و نا-موسڵمانەکان گیراون و لەژێر بەندی (1)دا بۆ هەر هەرێمێك تەرخانکراون، لەڕێی سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی لیستی کاندیدی پارتە سیاسی یەکانەوە هەڵدەبژێردرێن کە لە بەشی (8و)دا دیاری کراوە لەسەر بنەمای ژمارەی سەرجەمی ئەو کورسییە گشتییانە کە لەلایەن هەر پارتێکی سیاسی یەوە لە ئەنجوومەنی هەرێمدا بەدەست هێنراوە.

ە.	هەر پارتێکی سیاسی کە کەمتر لە سەدی پێنجی ژمارەی سەرجەمی کورسییە گشتییەکان زامن ئەکات لە ئەنجوومەنی هەرێمیدا، دەسەڵاتی هیچ کورسییەکی گیراوی پێ نادرێت بۆ ژنان یان نا-موسڵمانەکان.
8و. لیستی پارتەکان بۆ کورسییە گیراوەکان
(1)	بۆ مەبەستی هەڵبژاردن بۆ کورسییە گیراوەکان بۆ ژنان و نا-موسڵمانەکان لە ئەنجوومەنی نیشتمانی و ئەنجوومەنە هەرێمییەکاندا، ئەو پارتە سیاسییانەی کێبڕکێی هەڵبژاردن دەکەن بۆ ئەو کورسییانە، لە ماوەیەکی دیاریکراو لەلایەن کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن بۆ پێشکەشکردنی کاغەزەکانی پاڵاوتن، لیستی جیای کاندیدەکان تۆمار دەکەن بەگوێرەی سەرەکێتی بۆ کورسیی گیراو بۆ ژنان و ناموسڵمانەکان لەگەڵ کۆمیسیاری هەڵبژاردنی سەرەکی، یان، هەروەك دەتوانێت ڕابسپێرێت، لەگەڵ کۆمیسیاری هەڵبژاردنی هەرێمی، کە ئەتوانێت دەستبەجێ ببێتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئەو لیستانە بۆ زانیاریی خەڵکی بە گشتی.
(2)	ئەو لیستی پارتانەی کە لە بەندی (1) ئاماژەی پێ کراوە، ئەکرێت هێندە ناوی کاندیدی زیادە لەخۆبگرێت کە پارتێکی سیاسی بە گرنگی دابنێت بۆ کێبڕکێکردنی ئەو کورسییانەی کە گیراون بۆ ژنان و ناموسڵمانەکان بۆ دابینکردنیان لە هەر دوورخستنەوەیەکی کاندیدەکان لە کاتی پشکنینی کاغەزەکانی پاڵاوتن یان بۆ پڕکردنەوەی هەر کورسییەکی بەتاڵ لە کاتی ماوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی و ئەنجوومەنی هەرێمەکان، کە لەوانەیە حاڵەتەکە بەم شێوەیە بێت.
(3)	کاتێك کورسییەکی گیراو بۆ ژنان یان بۆ ناموسڵمانەکان لە ئەنجوومەنی نیشتمانی دا یان لە ئەنجوومەنی هەرێمیدا بەتاڵ دەبێت بەهۆی مردن، دەست لەکارکێشانەوە یان لەکارلابردنی ئەندامێك، لەلایەن کەسی دواترەوە پڕ دەکرێتەوە بەگوێرەی ڕیزبەندیی لە لیستی کاندیدی پارتەکەدا کە پێشکەش کراوە بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لەژێر بەندی (1)دا.
(4)	هەر کاندیدێك کە کێبڕکێی هەڵبژاردن دەکات لەسەر کورسییەکی گیراو بۆ ژنان یان ناموسڵمانەکان، پێکەوە لەگەڵ کاغەزەکانی پاڵاوتن و بەڵگەنامە پەیوەستەکانی تر، دەبێت ئەمانەی خوارەوە پێشکەشی (کارمەندی گەڕانەوە) بکات کە لەلایەن کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەوە دیاری کراوە.
ڕ.	وێنەیەکی لیستی کاندیدی پارتە سیاسییەکە بۆ ئەو کورسییانە
ب.	ئەو ئاگاداری و بەیاننامانەی کە لەلایەن یاسا و ڕێساوە داواکراوە بۆ پاڵپشتی لە پاڵاوتن.
ج.	ئەو کرێیەی لەلایەن هەر یاسایەکەوە داوا دەکرێت بۆ کاتی تۆمارکردنی کاغەزەکانی پاڵاوتن.

پاشکۆی (د): دەستووری ئەفغانستان، کانوونی دووەمی 2004

ئەنجوومەنی نیشتمانی لە دوو هۆبە پێك دێت: وۆلێسی جیرگا (هۆبەی خەڵك – ئەنجوومەنی نوێنەران) و میشرانو جیرگا (هۆبەی پیرەکان – ئەنجوومەنی نوێنەران)

ماددەی هەشتا و سێ، بەشی پێنجەم، بەندی سێیەم

ئەندامانی وۆلێسی جیرگا لەلایەن خەڵکەوە لەڕێی هەڵبژاردنی سەربەست، گشتی، نهێنی و ڕاستەوخۆوە هەڵدەبژێردرێن. ژمارەی ئەندامانی وۆلێسی جیرگا، کە هاوڕێژەیە لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانانی هەر ناوچەیەك، لەنێوان دوو سەد و بیست و دوو سەد و پەنجادا دەبێت.
ناوچەی دەنگدانی هەڵبژاردن و بابەتە پەیوەندیدارەکانی تر بە یاساکانی هەڵبژاردن دیاری دەکرێن.
لە یاسای هەڵبژاردندا، پێوانەکان دەبێت وا بەکاربهێنرێت کە سیستەمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیی گشتی و دادوەرانەی هەموو خەڵکی وڵات دابین بکات، وە بەلایەنی کەمەوە یەك نوێنەری مێ دەبێت هەڵببژێردرێت لە هەر هەرێمێکدا.

ماددەی هەشتا و چوار/ بەشی پێنجەم/ بەندی چوار
ئەندامانی میشرانۆ جیرگا بەم شێوەیەی لای خوارەوە هەڵدەبژێردرێن و دادەمەزرێن:
1- لەنێو ئەندامانی هەر ئەنجوومەنێکی هەرێمیدا، ئەنجوومەنی ناوبراو یەك کەس هەڵدەبژێرێت بۆ ماوەیەکی چوار ساڵی.
2- لەنێو ئەنجوومەنی قەزاکانی هەر هەرێمێکدا، ئەنجوومەنی ناوبراو یەك کەس هەڵدەبژێرێت بۆ ماوەیەکی سێ ساڵی.
3- سەرۆك، لەنێو کەسایەتییە پسپۆڕ و بەئەزموونەکاندا، سێ یەکەکەی تری ئەندامەکان دیاری دەکات بۆ ماوەیەکی پێنج ساڵی. سەرۆك، 50%ی ئەم کەسانە لە ئافرەت دیاری دەکات.

وێنەي 1: ستراتيژي يەكاني يەكسانيي أەگەزي

